# حکومەتی یەکگرتووی هەرێمی کوردستان بەرو کوێ هەنگاو دەنێ ...؟؟!!



پەرلەمانی هەرێمی کوردستان لە 2006/3/22 لە دانیشتنێکی نائاسایی بە کۆی دەنگ بریاری دەستنیشانکردنی سەرۆک و جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانی پەسند کرد...ئەو دەستنیشانکردنە بەهۆی هەڵبژاردنەوە نەبوو ، بەڵکو بەهۆی دەستنیشانکردنی هەردوو زلحیزب بوو لەو رێکەوتنانەی نێوانیان کە دەیانکرد...هەر لەو رێکەوتنەی دواییدا ، هەردوولا پارتی و یەکێتی بریارە پێکەوە بە لیستی هاوبەش بەشداری دەنگدان بکەن ، هەتا کەسیان هەست بە کەمی دەنگدان نەکەن و وەکو ساڵی 1992 نەبن بە 51% و 49% و نەکەونە ناو یەکتر...ئەو پێکەوەیە و یەک لیستیە پرۆسەی دیموکراسی بەدوا دەخا و حیزبەکانی تر هەر وەکو هامیش دەمێننەوە، هەتا ئەمڕۆش هیچیان پارتی و یەکێتی تاق حکومەت دروست ناکات و یەکێکیش ببێتە چاودێر و دژ ،وەکو ئەو سێوەییەی لە زۆرینەی وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا باوە، ئەو پرۆسەیە چەند ساڵێکی تری پێویستە هەتا جەماوەری کوردستان هۆشداردەبێت و رای خۆی بەسەر هەردوو زلحیزب فەرزدەکات...دوێنێ 2006/3/26 بەرێز مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە رەسمی بەرێزان نێچیرڤان بارزانی و عومەر فەتاحی راسپارد بۆ ئەوەی کە لە ماوەی یەک مانگدا حکومەت پێک بهێنن...هەردوو بەرێز دەقی راسپاردەکەیان لە هاوینەهەواری سەلاحەدین لە سەرۆکی هەرێم وەرگرت...بەرێزان نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی راسپێردراوی حکومەتی یەکگرتووی هەرێمی کوردستان{پارتی} و عومەر فەتاح جێگری سەرۆکی راسپێردراوی حکومەتی یەکگرتووی هەرێمی کوردستان{یەکێتی} بۆ ماسمێدیا و ژۆرنالیستان کۆنگرەیەکی رۆژنامەگەریان ئەنجام دا و باسی ئەوەیان کرد کە :ئەولەویاتی کارەکانی حکومەتی یەکگرتووی کوردستان :1 دابین کردنی ئاسایش 2 نەهێشتنی گەندەڵی 3 پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی ...هتد. ئەو بەڵێنانە جێگای دڵخۆشیە ئەگەر بێتوو جێبەجێ بکرێت و خەڵکی کوردستان هەستی پێبکات...هیوادارین جارێ زوو هەوڵبدەن نەبێتە پەنجاپەنجا...ئەو حکومەتە نارێکە زۆری ماوە هەتا قاچ بگرێ ، جارێ دەبێ زوو دەست تێوەردانی حیزبایەتی



لەناو کاروباری دەوڵەت ریشەکێش بکرێ هەتا فەرمانبەر و کارمەندی دەوڵەت زەندەقیان لە ئەندامی دەسترۆیشتووی یەکێتی و پارتی نەچێ...ئەو حیزبایەتیە لەبەین ببەن کەبووە بە کەڵەگای ناو وەزارەتخانە و بەرێوەبەرخانە و دەزگاکان ، ئەوانەی کارمەندی زرنگ و خزمەتکاری میللەتن بە حیزبی و غەیرە حیزبی مافی خۆیەتی درێژە بەکارەکانی بدات ئەوانەی تر ووردە ووردە پاکبکرێنەوە و کارمەندی نوێ و دەست پاکیان بخرێتە شوێن جا با سەر بە هیچ حیزبەکیش نەبێت..وەزیری و بەرێوەبەر و کارمەندی دز و گەندەڵسز نەک هەر سزا بدرێت بەڵکو لەکاریش دەربکرێت جا با سەر بە لیستی سەرۆکحکومەت یا جێگریسەرۆکحکومەت بێت...هەتا ئەمڕۆ منداڵی ناو لانکیش دەزانێت و کاک مەسعود و مام جەلایش دەزانن کە دزی و گەندەڵی پیشەی هەردوو حکومەتی هەولێر و سلێمانی بووە و هەردوو بەرێزان لەکاتی دەنگداندا باسی چاکسازی و پاکسازیان دەکرد ،

بەڵام گەلۆ یەک وەزیر لەو دوو حکومەتە دزاوی یە لەسەر گەندەڵی وازی نەهێنا و وازیان پێنەهێنا...گەلۆ ئەو حکومەتە یەکگرتووەی هەرێم دەزگای چاودێری بەبێ ئەوەی رەچاوی فیفتی فیفتی بکەن دادەمەزرێنن بۆ ئەوەی وەزیر و کارمەندی دز بۆ جەماوەر ریسوا بکات...سەرۆکی راسپێردراوی حکومەتی یەکگرتووی هەرێمی کوردستان باسی ئەوەی کردووە بە دووساڵان هەموو شت جێبەجێ نابیت...راستە بەڵام بەدووساڵان ئەوانەی خاوەنی شیراتۆن و کۆرەک تێلیکۆم و ئاسیا تێلیکۆم و فلان سلێمانی پەڵاس و فیسار شتن بوونە مۆڵتی ملیۆنێر ، کوڕی فلان کادیر تەنها کرێی دوکان و رێستەورانگی مانگانە 10000دۆلارە...خانووی فلانە کادیر نرخی بەو هەموو دەفتەروبلۆک دۆلارە ، ئاخۆ بە مانگانەی ئەو هەموو دۆلارە کۆدەکرێتەوە خۆ هەموو کەس دەبینێ و دەزانێ...مەتری زەوی خانوو لە سلێمانی و هەولێر و دهۆک لە پاریس و ستۆکهۆڵم و نیویۆرک گرانترە، ئەگەرچی دەخلی خەڵکی پاریس و ستۆکهۆڵم و نیویۆڕک سەدجار زیاترە لە کارمەندی هەولێر و سلێمانی و دهۆک، ئەگەر مامۆستایەک لە هەولێر 200 دۆلار وەربگرێ لێرە 3000 دۆلار وەردەگرێ...هەردوو حکومەتی سلێمانی و هەولێر 15ساڵە حکومرانی کوردستان دەکەن بەڵام کام حکومەت و کام خزمەت ، کاولکردن و بەفیرۆدانی گیانی هەزاران رۆڵە و شەڕی خۆکوژی کە نەک هەربەزیان بەڵکو کۆمەڵگای کوردەواری شێواند جاگوناعە ئەو ئەرکە تەنها بخرێتە ماوەی سێ ساڵ دوای روخانی صدام حوسێن و رژێمەکەی ، رەخنە و رەخنە لەخۆگرتن لەپێناوی روونەدانی کارەساتی ئاوا جەرگبڕ کاری هەردوو دەسەڵاتە کە بە گیانێکی خزمەتەوە داوای لێبووردن لەو کۆمەڵگایە بکرێت کە هەتا ئەمڕۆ ژانی ئەنفاڵ و کارەساتی هەڵەبجە لە جەرگی کزەی دێت ...بۆ ئەو رێژەیەش کە دەوڵەتی عێراق دابینی دەکات بۆ کوردستان گوایە 17% ئێستاکە ، ئەگەر بێتوو دەستێکی پاک بەشێوەیەکی دڵسۆزانە خەرجی بکات

 

،چارەسەری بەشی زۆری خزمەتگوزارییەکانی کوردستانی پێ دەکرێت...بەڵام هەر مێوانەی لە سلێمانی پەڵاس و شیراتۆن ئەو هەمووە دۆلارە بخوات بێگومان بەشی هیچ ناکات...ئەو کۆنگرە هونەریانە چیان بۆ کورد کرد...ئەو کۆنگرە دیموکراسیانە چیان بۆ بوژاندنەوەی کوردستان هێنایە دی...ئەو هەموو میوانە چیان لەسەرشانی ئەو کوردەبێبەختە سووک کرد ...هیوادارم هەردوولا پارتی و یەکێتی هەوڵبدەن ئیتر دەست لەکاروباری دەوڵەت بکێشنەوە و یارمەتی دەزگای دەوڵەت بدەن بۆ ئەوەی بەمانای ووشە حکومەت ببێتە حکومەتی مەدەنی و خزمەتکردنی کوردستان ،ئەو کاتە ریز لە تێکۆشانی پێشمەرگە و گیانی شەهیدان دەگیرێت...دڵتان فراوان بکەن بۆ رەخنە و پێشنیار و هەردوو بەرێزتان ژمارەی فاکس و تەلەفۆن دابنێن بۆ ئەوەی گوێ لە بیروڕای جەماوەر بگرن...

فــەهــد گــردەوانـی 2006/3/27ستۆکهۆڵم

بۆ زانیاری زیاتر ئەو برگانەی خوارەم دەقاودەق گواستۆتەوە ئێرە و وێنەکانیشم لە هەردوو میدیای پارتی و یەکێتی وەرگرتووە

ئەو کاتە زۆربەی داهاتی کوردستان لەوێ بوو، کە دەیانزانی باری کوردستان باشبوو راستەوخۆ تورکیا و ئێراق دانیشتنیان ساز دەکــرد و پاشـان ئەو ئەیدەهێشت تۆتۆمبیلەکان داخیل بن، یان ئەوی تر نەیدەهێشت نەوت و گازوایل بێتە هەرێمی کوردستان، هەروەها وڵاتێکی وێرانکراو چۆن تۆ دەتوانی لە ماوەی دوو ساڵدا هەموو ئەرکەکانی جێبەجێ بکەیت لەکاتێکدا کە کۆمەڵێک کێشەت هەیە. بودجەی ئەوەی کە پێی دەڵێن 17% من دەخوازم پێتان بڵێم ئێوە ئەگەر تەماشای بودجەی ئێراق بکەین بۆ ئەمساڵ 33 ملیار دۆلارە کە دایانناوە، بەڵام ئەمەش لەسەر ئەو بنەمایەی بەرمیلی نەوت کە دەفرۆشرێت بە 26 دۆلار، ئێستا بە زیاتر لە 60 دۆلارە دەزانین ئەوەی کــە بەر هەرێمی کوردستان دەکەوێت ئەو 17% یە نییە کە باس دەکرێت، کۆمەڵێک خەرجیاتی لێ دەردەچێت، وەک خەرجی سیادی، خەرجی حاکیمە و خۆراک و دەرمان و هتد. دوای ئەمانە هەمووی بە ئێمە دەڵێن وەرن با دانیشتن لەسەر ئەوەی کە دەمێنێتەوە بوودجەی ئێمە شەفافە و دەتوانین هەموو ئەرقامەکانتان پێبڵێین.

نێچیرفان بارزانی سەرۆکی راسپێردراوی حکومەتی یەکگرتوی هەرێمی کوردستان وتی: بەپێی ئەو بڕیارەی کە لەپەرلەمانی کوردستان بەکۆی دەنگ درابوو ئەمڕۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەردوو لامانی راسپارد بۆ پێك هێنانی حکومەتی یەکگرتووی هەرێمی کوردستان، هیواشی خواست کە ئەو حکومەتە لە ماوەیەکی کورتدا پێك بهێندرێت و رەنگدانەوەی هەموو خەڵکی کوردستان بێت و خزمەتی خەڵکی کوردستان بکات لە هەموو لایەکەوە.

وتیشی: یەکگرتنەوەی ریزەکانی گەلی کوردستان لەو قۆناغەدا لە هەموو شتێك پیرۆز ترە، پێویستە ئێمە وەك یەك تیم کار بکەین بۆ ئەوەی خزمەتی زیاتری خەڵکی کوردستان بکەین.

لەلایەن خۆشیەوە عومەر فەتاح جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان وتی: ئەمڕۆ سەنگەرێکی تری



خەباتمان پێ سپێردرا کە پێك هێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە.

وتیشی: هیوادارین هەموو لایەنەکان بەشداری لەحکومەتدا بکەن و هیواشی خواست کە حکومەتێکی دیموکراسی بێت و ئازادی و سەربەستی بۆ هەموو خەڵکی کوردستان فەراهەم بکات، حکومەتێك بێت هەموو خزمەتگوزارەکان بۆ خەڵك

دابین بکات و کەم و کورپییەکانی خەڵك دەستەبەر بکات و گرنگی بە بوارەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری بدات و سەرمایەکەشی بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بێت.
سەبارەت بە بودجەی دیاری کراوی حکومەتیش وتی: بۆ ئەم ساڵ هەردوو بودجەکەی هەردوو ئیدارە وەکو خۆی دەبێت و بۆ ساڵی داهاتووش حکومەتی یەکگرتوو بوودجە دیاری دەکات و بودجەیەکی یەکگرتوو بۆ سەرجەمی خەڵکی کوردستان دەبێت، کە بەپێی ئەو ڕێژەیە دەبێت کە لە مەرکەزەوە دیاری دەکرێت کە 17% و هیوا داریشین ئەو ڕێژەیە زیاتر بکرێ.
لەبارەی چارەنووسی ئەو خەڵکانەی کە تاکو ئێستاش بەهۆی بیروباوەڕی سیاسییانەوە لە هەندێ لە وەزارەتەکانی حکومەت دوور دەخرێنەوە یان زەرەر مەند بوون، نێچیرڤان بارزانی وتی: من ئاگاداری ئەو کارانە نیم و ئەگەر هەشبێت شتێکی باش نیە، بۆ زەرەرمەندەکانی بارودۆخەکەش وتی: ئێمە بەرنامەیەکمان لەبەر دەستە کە قەرەبووی ئەو کەسانە بکەینەوە کە زەرەر مەند بوونە لە ئەنجامی شەڕی ناوخۆ و دوو ئیدارەیی.

**26/3/2006 19:43**

**PUKmedia فوئاد عوسمان و هاوڕی رواندزی:**